خوێنەری بەڕێز، ئەم بابەتە بریتیە لە کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و پارتی سۆسیالدیموکرات لە دانمارك، نەرویژ و سوێد لەگەڵ سەرئەنجامگیریەك کە من بە سێ بەش پێشکەشتانی دەکەم. یەکەم بەش سەبارەت بە دانمارکە، دووهەم نەرویژ و سێهەم سوێد.
ڕێبوار ڕەشید

# سۆسیالدیموکراتیی[1]

Socialdemokratiet

[بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە دانمارك]
بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە دانمارك هەر زوو ساڵی ١٨٧١ دەستی پێ کرد، ئەو کاتە کۆمەڵەی "ئینتەرناسیونالە Internationale" لەلایەن پۆستشێنستەمانن (مووچەخۆرانی پۆست Posttjänstemannen) و ڕۆژنامەوان لویس پیو Louis Pio دامەزرا. هاوکات یەکەمین سەندیکاکان لە شێوەی سۆسیالیستێکی زیاتر مۆدێرندا دامەزرێنران، و هەر گورج دەستیان بە ڕیزێك لە مانگرتن کرد. بزووتنەوە سەندیکاییەکە لە سەرەتادا لە نێزیکەوە هاوکاری پارتی [سۆسیالدیموکرات] بوو، بەڵام ئاراستە سۆسیالیستیەکەی بەرسنوور بوو چونکە پێوەندی نێزیکی لەگەڵ کۆمەڵەی کرێکارانی کاروپیشەی دەستییدا (Skråväsende gesällförening) هەبوو (ئەم کۆمەڵانە پاش هەڵگرتنی قەدەخە لەسەر کارویپشەی دەستی (skråtvånget[2]) ساڵی ١٨٦٢ هەروەك ڕێکخراوگەلی دڵخواز مانەوە). ڕەنگدانەوەی کرێکارانی پیشەی دەستی و کرێکاری پیشەزان هەر لە سەرەتادا لە بزووتنەوەی سەندیکایی دانمارکیدا بەهێز بوو و هەر بەو شێوەیەش ماوەتەوە. لەوە دەچێت ئەوە لە سەردەمی یەکەمدا بووبێتە هۆی خاوکردنەوەی ڕادەی ڕادیکالیزمی پیو Pio و ڕۆشنبیرانی دیکەی ڕابەر. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ئینتەرناسیونالە "Internationale" لە ژێر کاریگەریی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانییدا بوو، کە ئەویش بە پلەی یەکەم لاسال Lassalle بیری بۆ دادەڕشت نەك مارکس Marx و بە ئاستەمیش دەتوانرێت بە پارتێکی شۆرشگێر [زەبرئامێز] حیساب بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لایەنی بورژوازیی ترساند. دامودەزگاکانی حوکمەت بزووتنەوەکەیان لە ڕێگای حوکمی سەختی زیندانیکردن دژ بە پیو Pio و هاوکارانی نێزیکی ئەو و هەروەها لە ڕێگای قەدەخەکردنی پارتەکەوە ساڵی ١٨٧٣ تێکشکاند. ساڵی ١٨٧٧ ئاشبەتاڵی یەکەمین قۆناخی بزووتنەوەی کرێکاریی دانمارکیی بوو کاتێك کە پیو Pio بە بلیتێك کە پۆلیس بۆیان کڕیبوو هەڵهات بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
هۆیەکی گرینگ لە پشت ئاشبەتاڵەکەوە ئەوەبوو کە بە هۆی بە توندیی هاتنەخوارەوەی هێزی کڕینەوە لە ناوەڕاستی ١٨٧٠ کانەوە سەندیکاکان و بەو شێوەیەش پارتی [سۆسیالدیموکرات] کۆمەڵێکی زۆر ئەندامیان لە کیس چووبوو. ئاکامی ئەمە ئەو ڕابەرانەی مابوونەوە گەیشتنە سەرەنجامێك کە بایەخێکی زۆری بۆ گەشەی بەردەوامی بزووتنەوەی کرێکاریی دانمارکیی هەبوو. کاتێك کە گرووپێك لە کەسانی سەندیکا ساڵی ١٨٧٨ دووبارە پارتەکەیان ڕێکخستەوە، بڕیاریان دا واز لەو بەئەندامکردنە سەرانسەریەی ئەندامانی سەندیکاکان کە پێشتر برەوی هەبوو بهێنرێت کە بکرێن بە ئەندامی پارتی. ماڵگواستنەوەیەکی ڕوون لە نێوان پارتەکە و بزووتنەوەی سەندیکاییدا بە پێویست دەزانرا بۆ ئەوەی هەردوو شاخەی بزووتنەوەی کرێکاریی بتوانن دوور لە ڕێگالێگرتن لە ساڵانی یەکەمی خەباتدا زیاتر گەشە بکەن.

---

[1] Skandinavisk arbetarrörelse, Schmidts Boktryckeri AB, Helsingborg 1980, Nils Elvander. S. 35

[2] (skråtvånget) هەتا ساڵی ١٨٧٠ قەدەخە بوو کە هەرکەسە و بە ئارەزووی خۆی کارویپشەی دەستی هەبێت و بکات، بەڵام ساڵی ١٨٧٠ هەموو جۆرە قەدەخەیەك بە یەکجارەکی لەسەر هەموو کارویپشەکان هەڵگیرا و ڕێگای کڕین و فرۆشتنی ئازاد بە تەواوی بە ئافرەتان و پیاوان درا. (ڕێبوار ڕەشید)

خوێنەری بەڕێز، ئەم بابەتە بریتیە لە کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و پارتی سۆسیالدیموکرات لە دانمارك، نەرویژ و سوید لەگەڵ سەرئەنجامگیریەك کە من بە سێ بەش پێشکەشتانی دەکەم. یەکەم بەش سەبارەت بە دانمارکە، دووهەم نەروێژ و سێهەم سوێد.
ڕێبوار ڕەشید

لەو دەمەوە ئیتر واز لەوە هێنرا بە کۆمەڵ خەڵك بە ئەندام بکرێت ([3]Kollektivanslutning) و دووبارە نەکرایەوە. ئەمە چ مانایەکی بۆ هێزی سیاسیی سۆسیالدیموکراتیی هەبووە زەحمەتە بزانرێت. بەڵام قسەی تێدا نییە کە سەرچاوەی باری ئابووریی پارتی لاوازتر کرد. بەڵام ئەوەش کە هەروەها دەتوانێت کاریگەریی خراپی لەسەر هێزی سیاسیی دانابێت فاکتەرێکە کە زیاتر دەروونییە و کە سرووشتێکی زەحمەت پێوراوی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کرداری (فەنکسیۆنی) بەئەندامبوونی بەکۆمەڵ وەکوو سیمبوڵێك بۆ نێزیکایەتی نێوان هەردوو شاخەکەی بزووتنەوەی کرێکاریی هەر ئەو دەمە کاتی قۆناخی خۆبنیاتنانەوەکە نەما و هەرگیز نەتوانرا پەیدا بکرێتەوە.
کەواتە پارتێکی سۆسیالدیموکراتیی سەرلەنوێ ساڵی ١٨٧٨ دامەزرایەوە. ناوی ئەم پارتیە بریتی بوو لە "کۆمەڵەی سۆسیالدیموکراتیی" (Socialdemokratisk Förbund) و لە سەرەتادا وەکوو کۆمەڵەیەکی کۆپنهاگن (Köpenhamnsförening) بوو، بەڵام کە لە پراکتیکدا ڕێکخراوێکی سەرانسەریی بوو، هەڵبەت پاشان ساڵی ١٨٩٠ هەر بە ڕەسمیش بوو بە پارتێکی سەرانسەریی. ئەمە ئەو ڕێکخراوەیە کە بنەچەی ڕەسەنی ئەم پارتە سۆسیالدیموکراتەی ئێستایە کە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە کۆمەڵ بەئەندامکردن نەهێڵرا هێشتا هەر هاوکاریەکی نێزیك لە نێوان کۆمەڵە ["کۆمەڵەی سۆسیالدیموکراتیی"] و بزووتنەوەی کرێکارییدا هەبوو، بەتایبەتی لە ڕابەرایەتیەکەدا، بەرپرسی ئەم پارتە نوێیە هەروەکوو باسمان کرد کتومت لەلایەن ئەندامانی سەندیکاوە هەڵبژێردرا. سەندیکاکان ڕۆڵی ڕێکخراوی هەڵبژاردنیان Valorganisation بۆ پارتی دەبینی، بەتایبەتی لەو هەڵبژاردنە سەرکەوتووەی ساڵی١٨٨٤ دا. کە بۆ یەکەم جار دوو کەسی سۆسیالدیموکرات لە ئەنجوومەنی گەلدا Folketinget هەڵبژێردران. شێوەیەکی دابەشکردنی ئەرك و ڕۆڵ لە ساڵی ١٨٨٦ دا کرا، لەوێدابوو کە ڕەچەشکێنێکی ڕێکخراوی لاندسئۆرگانیزاسیۆنی سەندیکایی دامەزرا کە کۆپنهاگن بنکەی بوو. ئیتر سەندیکاکان وازیان لەوە هێنا کە وەکوو ئامێرێکی هەڵبژاردن کار بکەن، و پارتیش دەستی کرد بەوەی کە جێگای سەندیکاکان بە کۆمەڵەگەلی هەڵبژاردن، کە وەکوو ڕێکخستنی بنکەیی هەبوون، بگرێتەوە. هاوکاریی بەردەوامی نێوان هەردوو شاخەی بزووتنەوەکە لەو بڕیارنامەیەوە دەرخرا کە سەبارەت بە هەبوونی نوێنەرایەتی بوو لە ناو لیژنەی لاندسئۆرگانیزاسیۆن "ڕێکخراوی وڵات Landsorganisationen" دا. ئەم ڕێسایە هەر برەوی مایەوە کاتێك کە (کۆمەڵە سەندیکاییە هاوکارەکان De Samvirkende Fagforbund، لاندسئۆرگانیزاسیۆنی (LO) دانمارك، لە ساڵی ١٨٩٨ دا دامەزرێنرا.
لاندسئۆرگانیزاسیۆنی (LO) دانمارکی هەر لە سەرەتاوە ساختارێکی ناناوەندیی (ناوەندنەگیر Decentraliserad) و لێکپچڕاوی هەبوو لە چاو لاندسئۆرگانیزاسیۆن (LO) ـ ـەکانی نەروێژ و سوێددا و هەرواش ماوەتەوە. لە سەرئەنجامی پێوەندبوون بە پیشەی کاری دەستیی و ئەو خەسڵەتی پیشەکاریە بچووکەی کە پیشەسازیی دانمارکی هەیبوو ئەوا پرینسیپی کۆمەڵەی پیشەیی نێزیکەی بە تەواوی مۆرکی خۆی لەسەر تەواوی ساختاری کۆمەڵەسەندیکاییەکانی سەرانسەری وڵات دانابوو، بەڵام لە وڵاتانی دەراوسێ ئەمە جێگای بەو پرینسیپە گیراپەوە کە پێی دەگوترێت پرینسیپی کۆمەڵەی پیشەسازیی ستوونی (شاقوڵیی). زۆربەی زۆری کۆمەڵەکانی لاندسئۆرگانیسزاسیۆن لە دانمارك کۆمەڵەی پیشەیی بچووکن کە بە تەنها ئەو کرێکارانە دەکات بە ئەندام کە سەندیکا پەروەردەی کردوون (خوێندنی پێداون). هێزە گەورە کرێکاریە ناپەروەردەکراوەکە لە ناو گەورەترین کۆمەڵەدا کۆبووەوە، واتە "کۆمەڵەی کرێکارانی دانمارکیی Dansk arbejdsmandsforbund" کە بە زۆریی هەم دژایەتی کاری هەندێك کۆمەڵەی پیشەیی کردووە و هەم دژایەتی ئەو ئارەزوویەشیان کە سەرۆکایەتی لاندسئۆرگانیزاسیۆن دەستەڵاتی زۆرتری هەبێت. ململانێ کۆمەڵایەتیەکە لە نێوان "سەندیکایی" و "ناسەندیکایی" دا گرژیی زۆر توندی دروست کردووە، کە هەم لەسەر شێوەی مووچە بووە و هەم لەسەر ئاستی بەناوەندکردنیش. کە ئەمە خاڵێکی لاوازیی بووە بۆ بزووتنەوەی سەندیکایی - و بەو شێوەیەش ناڕاستەوخۆ بۆ سۆسیالدیموکراتیش، نێزیکەی ئاشکرایە. هاوپشتیە چینایەتیە بەرینەکە لەوە دەچێت لە بزووتنەوەی کرێکاریی دانمارکیدا لاوازتر بووبێت و بەرژەوەندیە جیاوازە پیشەییەکان بەهێزتر بووبێت لە بەراوورد لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی سوێد و نەروێژدا.

---

[3] بەکۆمەڵ بە ئەندامکردن Kollektivanslutning بە مانای ئەوە دێت کە ئەندامانی ڕێکخراوێك هەر هەموویان پێکەوە ڕاستەوخۆ بکرێن یان ببن بە ئەندامی ڕێکخراوەیەکی دیکە بێ ئەوەی وەکوو تاکەکەس پرسیان پێ بکرێت.لە سوێد ١٩٧٨/١١/٢٩ پارلەمانی سوێد ڕایگەیاند کە بەکۆمەڵ بە ئەندامکردن لە ناو پارتیەکدا دژ بە دەستووری بنچینەیی سوێدە و دەبێت هەڵوەشێندرێتەوە، بەڵام ڕێکخراوی لاندس ئۆرگانیزاسیۆن LO, Landsorganisationen (گەورەترین ڕێکخراوی کۆمەڵە کرێکاریەکانی سوێد) تا ساڵی ١٩٨٧ هەر دەستبەرداری ئەمە نەبوو. (ڕێبوار ڕەشید)

خوێنەری بەڕێز، ئەم بابەتە بریتیە لە کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و پارتی سۆسیالدیموکرات لە دانمارك، نەرویژ و سوێد لەگەڵ سەرئەنجامگیریەك کە من بە سێ بەش پێشکەشتانی دەکەم. یەکەم بەش سەبارەت بە دانمارکە، دووهەم نەروێژ و سێهەم سوێد.
ڕێبوار ڕەشید

بزووتنەوەی سەندیکایی "پیشەدەستیی" و ستروکتورێکی لێکداپڕاو لەسەر ئاراستەیەکی کۆنسەرڤاتیڤانە (بەپارێزانە) کاری کردووەتە سەر کرداری سیاسیی بزووتنەوەی کرێکاریی دانمارکی. ئەمە بە تەواوی ئاشکرابوو هەر ئەو کاتەی کە پارتی دووبارە سازماندرایەوە، ڕابەرە نوێیەکان ڕێگایەکی ورياتريان هەڵبژارد وەك لەوەی کە "ئینتەرناسیونالە" ـ ی پیو هەیبوو. ستراتیژیی سەندیکا بوو بە ستراتیژیەکی خۆپاراستن، و بەو مەبەستە بوو کە هەندێك کۆنترۆڵ لەسەر مانگرتنەکان بە لاندسئۆرگانیزاسیۆن بدات. فاکتەرێکی دیکە بۆ بە "کۆنسەرڤاتیڤبوونەکە (بەپارێزبوونەکە)" ئەوە بوو کە پێی دەگوترا "فۆرلیگێتی سێپتەمبەر ١٨٩٩ (Septemberforliget)" کە ڕێککەوتنێکی ناوەندیی بوو لە نێوان لاندسئۆرگانیزاسیۆن و کۆمەڵەی خاوەنکاران (Arbetsgivareföreningen) کە نێزیکەی لەو ڕێککەوتننامەیەی سوێدی ساڵی ١٩٣٨ دەچێت کە ناوی ڕێککەوتننامەی ساڵتشوێبادتە (Saltsjöbadsavtalet) و ڕێککەوتننامە سەرەکیەکەی نەروێژ لە ساڵی ١٩٣٥. ئەم ڕێککەوتننامەیە کۆتایی بە ڕێگاگرتن لە کرێکاران هێنا کە نەهێڵدرێت بچنە سەر کار و کە درێژخایان بوو. ئەمە بەو واتایە دەهات کە لایەنەکان ددانیان بە بوونی "مافگەلی بنچینەیی" یەکتردا نا ـ مافی کرێکاران کە سەر بە سەندیکاکان بن و مافی خاوەنکاران کە ڕابەرایەتی کار و دابەشکردنی کاریان لە دەستدا بێت – هەروەها ڕێساگەلیش نووسران بۆ هەبوونی ماف لە دەستهەڵگرتن لە کار. بە هۆی ڕێککەوتننامەی "فۆرلیگێتی سێپتەمبەر ١٨٩٩ (Septemberforliget)" دانمارك، زۆر زووتر لە سوێد و لە نەروێژ، پێوەندی دوولایەنەی سەقامگیر و نەزمداری دەستکەوت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتننامەکە بەو مانایەش هات کە شیاوکاریی و هەلی بزووتنەوەی سەندیکایی بۆ چالاکی نواندن بەرسنووردار کرد. ئەمە هەلی شاڵاوبردنی بۆ بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی سەندیکایی لە ناو ساڵانی ١٩١٠ کاندا ڕەخساند، بەڵام ئەم بزووتنەوەی هەرگیز نەیتوانی بە جیددی دەستڕۆیوی سەرۆکایەتی سەندیکا بخاتە مەترسیەوە.

ستراتیژیەکی سیاسیی ڕیفۆرمیستیی بۆ سۆسیالدیموکراتیی دانمارك هەر لە سەرەتا نوێیەکەی ساڵی ١٨٧٨ ـ ەوە بوو بە کارێك کە جێگای گومان نەبوو.  ئەوە ڕوون بوو کە دەستەڵات دەبێت لە ڕێگای خەباتێکی پارلەمانیەوە ببردرێتەوە، و دەنگدانی گشتیی و پارلەمێنتاریزم وەکوو سەرەکیترین ئامانج دەبینران، زەبر تەنها کاتێك بیری لێدەکرایەوە کە بەری ڕاست کودەتایەکی سەربازی بکات. لە سەرئەنجامی ئەو هەنگاوانە پارتی [سۆسیالدیموکراتیی] لەگەڵ پارتی ڤێنستره (Vänstre) دا لە خەباتێکی هاوبەشدا لە پێناوی وەدەستهێنانی دیموکراتیدا هاوکاریی کرد. پاش کۆتایی سەدە لە ساڵی ١٩٠١ دا ڕێگای هەردوو پارتەکە جوودا بووەوە، بەڵام سۆسیالدیموکراتەکان هەر زوو هاوکاریکارێکی دیکەیان دیتەوە کاتێك کە پارتی ڕادیکالا ڤێنستره (Radikala Vänstre VR) لە ساڵی ١٩٠٥ دا دامەزرا. هاوکاریەکی پارلەمانیی نێزیك بە پێکانی ئەو نیشانەوە کە پێکەوە حوکمەت وەدەستبگرن هەر پێش ساڵی ١٩١٤ ڕاستیەك بوو. کاتێك کە تورڤاڵد ستاونین Thorvald Stauning، کە هەر لە ڕاستیدا ساڵی ١٩١٠ بووبوو بە سەرۆکی پارتی، وەك نوێنەرێکی سۆسیالدیموکراتیی لە یەکێك لە "حوکمەتە هاوبەشەکانی" پارتی ڕادیکالا ڤێنستره (VR)  دا ساڵی ١٩١٦ هاتەپێش، بریتی بوو لە ئاکامێکی مەنتیقی و سرووشتیانەی گەشەیەکی ساڵان درێژخایەن و پلەبەپلەی ناو سیستەمی سیاسی. ئەو خەباتە درێژخایەنە بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی شانبەشانی لیبرالەکان و ئەو مۆدێرنەکردنەی ئایدیۆلۆژیی وایان کرد سرووشتیی بێت بۆ سۆسیالدیموکراتیی کە لەسەر هاوکاریکردن لەگەڵ پارتێکی لیبرالدا لە حوکمەت و پارلەماندا بەردەوام بێت.

لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە سۆسیالدیموکراتیی دانمارکیی لە ناو ساڵانی ١٨٧٨ – ١٩٢٠ دا لەسەر بناخەی مارکسیزم لەنگەری گرتبوو. ئەو دوو پێڕەووپرۆگرامەی یەکەم کە پارتی هەیبوو وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی پێڕەووپرۆگرامی سۆسیالدیموکراتیی ئەڵمانیی بوو. گوتوبێژە تیئۆریەکە لە ناو پارتیدا تا ڕادەیەك گوتوبێژێکی پڕژیان و گەرم بوو هەر لە سەرەتای سەدەوە تا جەنگی جیهانیی یەکەم – ئەم سەردەمە سەردەمی "تیئۆریبوونی" پارتی بوو. ئەڵبەت گوتوبێژەکە نەبووە هۆی ئەوەی کە باڵێکی شایانباسی جیاواز لە ناو پارتیدا دروست ببێت؛ ئەو سەردەمە هەلومەرجی سیاسیی و ئابووریی بۆ هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی چەپی بەهێز لە ئارادا نەبوو. ئەمە بە تەواوی دیار بوو کاتێك کە دانمارك لە ژێر تەوژمی شەپۆلی شۆڕشی ڕووسیی ساڵی ١٩١٧ و تێکشکانی ئەڵمانیا ساڵی ١٩١٨ دا بوو. چەند گرووپێکی سەندیکالیستیی و کۆمۆنیستیی ساڵی ١٩١٧ لە پارتی سۆسیالدیموکراتیدا دروستبوون و هاتنەدەر، کۆمەڵەی لاوان ساڵی ١٩١٩ لێك ترازا، و هەمان ساڵ پارتێکی چەپی سۆسیالیستیی دروست بوو کە ساڵی ١٩٢٠ ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە "پارتی کۆمۆنیستی دانمارك". هەندێك پشێویی سەر شەقام لە کۆپنهاگن پەیدا بوو، بەڵام لە بەراووردی ئەو شەڕوهەرایانەی برسێتیدا کە لە سوێد و نەروێژ ڕوویان دەدا، هەر هیچ نەبوو؛ گەیاندنی خۆراك لە دانمارك زۆر باشتر بوو وەك لەوەی لە وڵاتانی

خوێنەری بەڕێز، ئەم بابەتە بریتیە لە کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و پارتی سۆسیالدیموکرات لە دانمارك، نەروێژ و سوێد لەگەڵ سەرئەنجامگیریەك کە من بە سێ بەش پێشکەشتانی دەکەم. یەکەم بەش سەبارەت بە دانمارکە، دووهەم نەروێژ و سێهەم سوێد.
ڕێبوار ڕەشید

دەراوسێ هەبوو. ئەوەش سۆسیالدیموکراتیی و بزووتنەوەی سەندیکایی بوون کە لە پشت هەرە فشارە دەر لە پارلەمانیەکانەوە بوون، بۆ نموونە ئەو هەڕەشە سەرکەوتووانەیە سەبارەت بە کردنی مانگرتنێکی گشتیی دژ بە پادشا لەبەرئەوەی لە قەیرانی پۆسکدا ساڵی ١٩٢٠ (Påskkrisen) حوکمەتە چەپەکەی وەدەرنابوو (پرووانە لاپەڕە ٣١ لە کتێبەکەدا). بزووتنەوە کرێکارییە ڕیفۆرمیستیەکە جڵەوەکەی لە دەست خۆیدا هێشتەوە و توانی سەرکەوتووانە بەدەنی پارتی لە ناو ئەو ساڵانەی دۆخی شۆڕشگێڕێتیان [زەبرئامێزیان] تێدا بوو پێکەوە ڕابگرێت. لێکترازانەکەی چەپە سۆسیالیستیەکە شایانی باس نەبوو: هەرە بەشی دەنگی وەدەستهێنراوی لە سەرجەمی دەنگە سۆسیالیستیەکان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ دا تەنها یەك لە سەددا بوو (١٪) بەرانبەر بە نۆزدە لە سەددا (١٩٪) لە سوێد. بەڵام لە نەروێژ بەشی زۆربەی ئاربایدەر پارتیەت (Arbeiderpartiet) ڕێگای چەپی شۆڕشگێڕانەیان هەڵبژارد.

بەشی دووهەم:
ئاربایدەر پارتی نەروێژیی
Den Norske Arbeiderparti